توانیبای بچێته تاران ئەوا لەویٚ دوای هەزار ئەم سەرو ئەوسەر پێیان دەگووت:((تاتوتنتان نەگاتە ئێرە ناتوانین پولٚت بدەینیٚ!!))[]، لەبانەش تووتنەواکانیان رەوانەی سەقز دەکردنو لەوێش پێیان دەگوتن پارەمان نییە بتاندەینیٚ، ئەم چاوو راوەی بەرێوەبەرایەتی توتن نارەزاییەکی زۆری لەناو بنەماڵە تووتن کارەکاندا دروستکردبوو، لەشنۆ 1200 بنەماڵە بەتەلەگراف دەنگی نارەزایەتییان بەرز کردەووە، لەبانەش بەهەمان شێوە تەلەگرافیان بۆ دەوڵەت، مەجلیسو وەزارەتی دارایی ناردوو ئاکشرایان کرد کە زۆرینەی خەڵکی بانەو دەوروبەری کەپێشتر بەتووتن کارییەوە خەریك بوون واخەریکە بەتەواوی واز لەچاندنی ئەم بەرهەمە دەهێنن[].

هەفتەنامەی کوهستان لەژێر ناونیشانی (توتون هم بلای عجیبی شد/ تووتنیش بۆتە بەڵایەکی گەورە) نوسیویەتی ((ئەمساڵ (ساڵی 1945– ل) مەسەلەی تووتن بۆتە بەڵایەکی گەورە بەسەر شانی خەڵکی کوردستانەوە، لەسنە چەند کەسێکیان داناوە بەگۆترەو بەئارەزووی خۆیان نرخ دادەنێنو سەری خەڵکی دەقەبڵێنن، لەسەقز هەندێك بازرگانیان گرتووە لەسەر سەوداو مامەڵەی تووتن، لەمەهاباد تووتن وەردەگرنو حەواڵە دەدەنە خاوەنەکەی پێی دەڵێن برۆرە تارانیٚ لەویٚ پارەکەت وەرگرە، دەوڵەت کەئێستا بایی 6 ملیۆن تومان تووتنی لەمەهاباد کڕیوە، تەنها پارەی ملیۆنێكو سیٚ سەد هەزار 1300000ی بەخاوەنەکانی داوەو ئەوانی دی حەواڵەی داونەتیٚ کەبچنە تاران، ئەو 60 نەفەرەی بەم دواییە لەکوردستانەوە چوونەتە تاران بەدەستی خاڵی گەڕاونەتەوەو پێیان راگەیاندوون کەتا تووتن نەگاتە ئێرە (واتە تاران ـ ل)هیچ پارەیەکتان نادرێتیٚ))[].

لەلایەکی دییەوە نەبوونی کۆمپانیایەکی کشتوکاڵی، نەبوونی کۆمپانییای گواستنەوەو، گوێنەدان بەچاککردنەوەی رێگاوبانو پردە داروخاوەکان کەلەئەنجامی سیلاوی بەفرو بارانی زۆری زستانو وێران ببوون، کاریگەری خراپیان لەسەر هاتو چۆو گواستنەوە جێهێشتبوو، بەچەشنێکی وا پەیوەندی گوندەکانی بەشارەکانی کوردستانو پەیوەندی کوردستان بەئوستانەکانی دی ئێرانییەوە زۆر دژوار بوو، لەساڵی 1945 رێگای سنە ـ هەمەدانو سنە ـ کرماشان هاتووچۆی پێدا نەدەکرا، تەنانەت ناوچەکانی رۆژئاوای کرماشان بەهۆی رووخاندنی پردە گەورەگەی کەقەسری شیرین بەگەیلانەوە دەبەستێتەوە، بەتەواوی لەناوەندکە شاری کرماشانە دابڕابوون[].

ئەم دارمانە ئابوورییەی کوردستانی ئێران بەشێکی زۆری چینو توێژەکانی کۆمەڵگای کوردەواری نابوود کردبوو، بەتایبەتی چینی جوتیارانی لادیٚو زەحمەتکێشانی شار، هەر بۆیە لەکاتێکدا لقی کرماشانی حیزبی تودە لەرۆژی سیٚ شەممەی رێکەوتی 1ی ئایاری 1945 بانگەوازی خۆپێشاندانی کرد بەبۆنەی جەژنی کرێکارانی جیهانییەوە، ژمارەیەکی زۆری زەحمەتکێشانو کرێکارانی کورد رژانە سەر شەقامەکانی کرماشانو دژی کۆنەپەرستانو دەسەڵاتی ناوەندی دروشمیاندا، ئەم

---

[] هـ.س، 36 ابانماه 1325“ 17 دی 1324

[] هـ.س 16 مهر 1324“ 30 مهر 1324.

[] هـ.س، 3ی دی 1324.

[] هـ.س، 24 اردیبهشت 1324“ 17 تیرماه 1325.

دروست كاو ريَگا لەناردنی باج و دەرامەت بگريَت بيَتە ناوەند ئيتر چ رۆلَيك يان زەمينەيەك بۆمانەوەی دەولَەتی ناوەندی دەميَنيَتەوە [4]، ئەو هەلَويَستەی ئەرفەع هەمان هەلَويَستی ئەوسای حكومەتی ناوەندی ئيَرانە كەهەر لەسەرەتاوە مەسەلەكەی بەجوداخوازی داناو كەوتە پروپاگندەيەكی گەورە بۆ راكيَشانی سەرنج و هاوكاری دەولَەتە هەريَمييەكانی عيَراق و توركيا و زلهيَزەكانی وەك بەريتانيا و ئەمەريكا بەوەی كەئاژاوەگيَرِی و پيلانيَكی گەورە لەئازەربايجان و كوردستاندا دژی يەكپارچەيی خاكی ئيَران لەلايەن رووسيای شورەوييەوە بەدەستەوەيەو لەم رووەوە رۆژنامەكانی رەسمی ئيَران دەستيان كرد بەكووتينی تەپلَی ((هوس استقلال وجداشدنی كردستان/ ئارەزووی سەربەخۆيی و جيابوونەوەی كوردستان)) [5]ئەو پروپاگندانەی كەنەك بەتەنيا ئەو دەولَەتانەی توقاندو لەگەلَ رژيَمی پەهلەويدا كردنيە هاوسەنگەر، بەلَكو كاريگەری خراپيشی لەسەر رای گشتی ئيَران بەجيَهيَشت بەوروژاندنی سۆزی ئيَرانچيَتی و راكيَشانی ئازاديخوازە ناسيوناليستە فارسەكان بەبەرژەوەندی چينی دەسەلاَتدارو رژيَمی شاهەنشاهی لەتاران.

لەراستيدا بەلَگەيەكی ميَژوويی بەدەستەوە نييە سەبارەت بەوەی ح.د.ك بەفەرمانی شورەوی دامەزرابيَت ياخود ئاميَريَكی دەستی شورەوی بيَت بۆ بلاَوكردنەوەی كۆمۆنيزم و پارچەكردنی ئيَران، رايەكی وا كەجگە لەرای رەسمی حكومەتی ئيَران و كارمەندە سياسييە رۆژئاواييەكانی هاوپەيمانی دەولَەتی شاهەنشاهييەت كەبیَ لەبەرچاو گرتن و بەخۆ گيلكردنی لەريشەی ميَژوويی كيَشەی كوردو پەرەسەندنی جولاَنەوەی رزگاريخوازی نەتەوەيی كوردو لەراستيدا بۆ شيَواندنی رووی راستەقينەی جولاَنەوەكە باسيان كردووە [1] و تائيَستا لەليَكۆلَينەوەيەكی بابەتيانەدا نەسەلميَنراوە، چونكە وەك لەبەرنامەو مەرامنامەی حيزبی ديموكراتدا دەردەكەويَت كەتەنها مافە نەتەوەييەكانی گەلی كوردو ژيانيَكی ديموكراتی ئازادانە لەچوارچيَوەی دەولَەتی ئيَران و بەپيَی ياسای بنەرِەتی ئيَرانی كراونەتە ئامانج و شتيَك دەربارەی دامەزراندنی دەولَەتيَكی كوردی كۆمۆنيست لەبەرنامەكەدا بەرچاو ناكەويَت.

پيَويستە بوتريَت كەلەمەسەلەی پەرەسەندنی دۆستايەتی كوردو شورەويدا دەبيَت بەرژەوەندی هەردوولا لەبەرچاو بگيريَت نەك يەك لايەنە سەيری مەسەلەكە بكريَت كەكراوە، يەكيَتی شورەوی كەنەلەكاتی جەنگ و نەلەدوای جەنگيشدا بەرنامەو چالاكييەكی بۆ كوردستانی سەربەخۆی سۆشياليست بەدەستەوە نەبووە، ئەمەش راستيەكی ميَژووييە يەكيَتی شورەوی تەنيا لەپەراويَزی بەرژەوەندييەكانی لەئيَران بەگشتی و لەئازەربايجانی ئيَرانی كەموكريان لەرووی ئيدارييەوە بەبەشيَك بووە ليَی، بەتايبەتی مامەلَەی لەگەلَ مەسەلەكاندا كردووە [2]، دۆستايەتی شورەوی لەگەلَ ح.د.ك سەردانەواندنی شورەوييە بۆ هيَزی پەرەسەندووی نەتەوايەتی ديموكراتی كورد لەناوچەی موكريان كەلەدايك بوونی بۆ سیَ چارەكە سەدە پيَشتر دەگەرِيَتەوەو لەسالاَنی جەنگدا سوودی لەهەل و مەرجی گشتی ئيَران و ناوچەكە وەرگرت و بووە هيَزيَكی جەماوەری راستەقينەی حيساب بۆ كراو كەخاوەنی ئامانج و ريَبازی تايبەتی خۆی بوو.

---

(4) أرفع,س.پ,ل80.

(5) بروانه: كوهستان, 24 ارديبهشت 1324.

(1) أرفع,س.پ,ل79؛"يغلتن , س.پ, 91" دهقان ,س.پ,ل530.

Borhanadin , op.cit,pp154 – 158. (2)

لەراستیدا حکومەتی تورکیا کەبەم شێوەیەو بەرواڵەت خۆی لەراستیەکان گێل دەکرد، ژێر بەژێر کەوتبووە پەیوەندی کردن بەحکومەتی عێراقەوە تا پلانی گونجاو هاوبەش دژی پەرەسەندنی جولانەوەی نەتەوەیی گەلی کورد لەکوردستانی ئێران و ئاکامەکانی لەسەر کوردەکانی هەردوو ولات دابرێژن. بۆ ئەم مەبەستەش لە28ی شوباتی 1946دا (نوری سەعید)ی سەرەك وەزیرانی عێراقی سەردانی تورکیای کردو گفتوگۆی نهێنی لەم رووەوە دەست پێکرا، لەئاکامدا هەردوو لاگەیشتنە رێکەوتنامەیەك لەم9یمارسی 1946دا کەناوەرۆکەکەی لەلایەن رۆژنامەی (دیلی میل / the Daily mail) ەوە ئاشکرا کرا کەدەڵێت:" پێویستی بەستنی ئەم پەیمانە بەو شێوەیە لەوەوە هاتووە کەپاکتی سەعد ئاباد لەکارکەوتووەو دۆزی ناسیونالیسی کورد مەترسییەکی مەزنە لەسەر ئاسایش و ئاشتی لەرۆژهەلاتی ناوەراست دا"(1).

پێویستە لێرەدا ئاماژە بەوراستیە بدرێت کەئەو لێشاوە پروپاگندەییەو تۆمەتانەی کەلە لایەن دوژمنانی کۆماری میللی کوردستانەوە بلاودەکرانەوە بۆتەهۆی ئەوەی کە ژمارەیەکی زۆر لەوانەی لە نوسنەکانیاندا ئاماژەیان بەو ئەزمونە مێژووییەی گەلی کورد لە ئێران داوە بکەنەوە هەلەی زەق و بێوردبونەوە هەوالی ناراست و تۆتی دروسکراو لەجیاتی روداوە مێژووییە راستە قینەکان رابگوێزن وبلاویان بکەنەوە .

(روح اللە رمضانی ) لەیەك دووشوێنی کتێبەکەیدا کە لە سەر سیاسەتی دەرەوەی ئێران نوسیویە،باس لە ح.د.ك دەکات وەك حیزبێکی کۆمۆنیست و بە بەشێك لە حیزبی تودەی ناو دەبات و سەرانی کوردیش بەیاخی نێوزەد دەکات ، (2).

سابیلیەش لەیەکێك لە کتێبەکانیدا دامەزراندنی کۆماری میللی کوردستان وحکومەتی ئازربایجان بەپیلانێکی ئاژاوەگێرێری شورەوی لەقەلەم دەدات و دەلیچت گوایە میر جەعفەر باقرۆف داوای لەکوردەکان کردووە بەپالپشتی سوپای سور کوردستانێکی سەربەخۆ دابمەزرێنن ،دواتر نوسەر چەندلە هەلەیەکی تری کردووە . گوایە شورەویوکان پەیمانی (هاوکارییان) لەگەل کۆماری میللی کوردستان مۆر کردووە و سوپای کورد تێکەل بەسوپای سور بوون و هێزەکانی کۆماری بەیەکەی تانکو زرێپۆش وتۆپی قورسو خومبارەی بازۆکا چەکدارکراون(3).

گازیورسکی ش کە هەمان بۆچوونی سابیلیەی هەیە سەبارەت بە دامەزراندنی کۆمارو وەك پلانێکی ئاژاوەگێری شورەوی بۆ دەستخستنی ئیمتیازی نەوتی باکوری ئێران دەخاتە بەرچاوو لەگۆشەیەکی کتێبەکەیدا نوسیویە:" هێزەکانی شۆرش (واتە هێزی پیچشمەرگەی کوردستان ـ ل) بەپاڵپشتی گویٚ لەمستانی غەیرە نیزامی شورەوی کۆنترۆڵی هەوردوو کۆمارە خودموختارەکەیان دەپاراست"(4).

هەرچی نوسراوی هەندێك نوسەرە ئەکادیمییە ئێرانییەکانە، ئەوانیش هەمان هەڵەی پیاوانی دەوڵەتی شاهەنشاهی وەك (زنگەنە، دهقان و ارفع) یان دووبارە کردۆتەوەوو فاکتەری شورەوییان

---

(1) وەرگیراوە لە قادر، جەبار، چەند بابەتێکی مێژووی کورد، چاپی یەکەم، سلێمانی، 1999، ل71.

(2) رمضانی، س.پ، ل 113،111.

(3) سابلییە، س.پ، ل 241-242.

(4) گازیورسکی، س.پ، ل88.

حکومەتی قەوام کەبەروالّەت لەو رۆژانەدا خەریکی وتویّژ بوو لەگەلّ دەستەی نویّنەرایەتی کوردو ئازەر لەتاران، خۆ یوەك کۆتری ئاشتی نیشانداو هەولّیدا خۆی بیّ ئاگا نیشاندات لەو پەلامارەی هەنگی 27 کردۆیتیە سەر سەنگەرەکانی هیّزی پیّشمەرگەی کوردستان لەقاراوا، بگرە سەرباری ئەوەش هیّزی پیّشمەرگەی کورسدتانی بەوە تاوانبار دەکرد کەلەکاتیّکدا سوپای ئیّرانی بەنیازی (مانورو تمرین عملیات جنگی) 8 کەم لەسەقز هاتۆتە پیّش، لەلایەن کوردەکانەوە غافلّگیر کراوە [2]، وادیارە فەرماندەکانی ئەرتەشی شاهەنشاهی لەو ئیّرانە پانو پۆڕەدا شویّنیّکیان نەدیوەتەوەومانۆڕو تەمرین بەسەربازەکانیان بکەن لەبەردەم سەنگەرەکانی لکی 3ی هیّزی بارزاندا نەبیّت !!

فەرماندە سەربازییە ئیّرانییەکانی جەبهەی سەقزوی وەك (سرتیپ همایونی)و (سرلشکر جهانبانی) بۆ ئەوەی ئۆبالّی ئەو شکستەی قاراوا لەئەستۆی خۆیان داماڵن وایان بلاّودەکردەوە گوایە محەمەد ئاغای عباسی کەمولّکداریّکی کوردەو سەربەدەولّەتە لەلایەن حەمە رەشید خانی بانەوە مالّ وئ منداڵەکەی لەگوندی سەرا دەرکراون و گوایە ناوبراو لەداخانداو بەنیازی تۆڵە سەندنەوە ستونیّکی پیّش خویداوەو پەلاماری گوندی سەرای داوە[3]، ئەم لیّکدانەوەیەی فەرماندەکانی لەشکری 4ی کوردستان بۆ پەلاماری هەنگی 27ی ناوەند بۆ سەر هیّزی پیّشمەرگە لەجەبهەی سەقز لیّکدانەوەیەکی کرچ و کالّ بوو، چونکە هەمولایەك باشیان دەزانی ئەگەر خۆفرۆشیّکی وەك محەمەد ئاغای عەباسی توانیبیّشیّتی ستونیّکی سەربازی ئیّرانی پیّش خۆیدا، کەناتوانیّت، ئەو دەسەلاّتەی هەر نەبوو کەفرۆکەی ئیّرانی لەحەوانیّ و فەرمانی بۆمبارانکردنی گوندو پۆستەکانی پیّشمەرگەی کوردستانیان بەسەردا بسەپیّنیّ.

هەرچۆنیّك بیّت ئەم هیّرشە بەشیّك بوو لەتاکتیکیّکی حکومەتی قەوام و بەئاگاداری تاران ئەنجامدرا، ئامانجەکەشی لەرووی سەربازییەوە بریتی بوو لە:

1ـ نەزمگرتنی تواناو ئەندازەی هیّزی پیّشمەرگەی کوردستان لەم بەرەیەدا کەبەبەرەیەکی سەرەکی دادەنریّت بۆ پەلامادرانی ئایندەی لەشکری شاهەنشاهی بۆ سەر ئازەربایجان.

2ـ بەدیهیّنانی شویّنیّکی سەربازی ستراتیژی و دوورخستنەوەی هیّزی پیّشمەرگەی کوردستان لەریّگای سەقز ـ بانە ـ سەردەشت بۆ ئەوەی چەك و تەقەمەنی و ئازوخە بگاتە پۆستەکانی لەشکر لەمیّرەدیّ و بۆکان و سەردەشت تا بەرامبەر هەر هەڕەشەیەکی ئایندەی پیّشمەرگە خۆراگرتر بن.

لەرووی سیاسیشەوە هەماهەنگبونی شەری قاراوا لەگەلّ بەردەوامبوونی گفتوگۆ لەنیّوان حکومەت و نویّنەرانی کوردو ئازەردا خزمەتی دوو مەسەلەی دەکردن:

1ـ گەر سەرکەوتن بۆ هیّرشەکە مسۆگەر کرا، ئەوا ئەرتەشی شاهەنشاهی دەتوانیّت هەلەکە بقۆزیّتەوەو بەشیّوەی (استیمار الفوز) بەرەو قولاّیی هەریّمی ئازەربایجانی رۆژئاوا بکشیّت و بەئاسانی مەهابادو موکریانی داگیر بکاتەوە [1]، ئەوەش لەرووی سیاسی و سەربازییەوە دەبووە کارتیّکی هیّز

---

(2) کوهستان، 30 اردیبهشت 1325.

(3) هـ.س.

(1) وادیارە حکومەتی عیّراقیش ئاگادارییەکی لەم مەسەلەیە هەبوو بیّت بۆیە هەر ئەوکاتەی سوپای ئیّرانی پەلامارەکەی دەستپیّکرد، هیّزەکانی سوپای عیّراقیش لەسەر سنوری کوردستانی عیّراق – ئیّران ئامادەیی تەواوی خۆیان وەرگرت، وەك هەوالّنیّری دەزگای (رۆیتر) لەم بارەیەوە رایگەیاند:" ئیّستا کەوا هیّدی هیّدی بەفری چیاکانی کوردستان

عێراق ـ تورکیا دژی جوڵانەوەی نەتەوەیی کورد کرد ()و هێزەکانی لەسەر سنور چاوەڕێی چەککردنو تەحویلدانەوە یەهر خەباتگێڕێکی ئێرانیان دەکرد پێ لەسنور بترازێنێ.

**حەوتەم**: کۆماری میللی کوردستان قوربانی سیاسەتی نێو دەوڵەتیو ئاکامی یەکەمین پاشەکشەی ورەوی بوو بەرامبەر ئەمەریکا لەمەیدانی جەنگی سارددا، هەروەك مەلا مستەفا بەراشکاوی ئاماژەی بەم راستیەداوە:" ئەو سوپای ئێرانی نییە کوردی شکاندووە، بەڵکو ولاتە یەکگرتووەکانو بەریتانیایە شکستیان بەشورەوی هێناوە"().

شایەنی باسە کیانوریش پاش زیاتر لە 40 ساڵ هەر هەمان بۆچوونی بارزانی دووپاتکردۆتەوەوو پاشەکشەی شورەوی لەبەرامبەر هەڕەشەکانی چەرچڵو ترۆمان کتارادەی ترساندنی شورەوی بەبەکارهێنانی چەکی ئەتۆمی گەیشتێ، بەفاکتەری سەرەکی سەرکەوتنی دەسەڵاتی ناوەندی لەگێڕانەوەی ئازەربایجانو رووخاندنی هەردوو حکومەتەکەی کوردو ئازەر لەقەڵەم دەدات، کیانوری دەڵێت:" مەسەلەی روخاندنی حکومەتی ئازەربایجان سەرکەوتنێکی سەربازی نەبوو.. بەڵکو لەسەرەوەو لەنێوان شورەویو ئەمەریکادا کۆتایی پێهاتبوو هەردوولا گەیشتبوونە ئەو بڕیارەی کەدەبێت ئازەربایجان چۆڵ بکرێ"().

ئەمەریکاو بەریتانیا کەجوڵانەوەی نەتەوەیی کوردیان بەدژی بەرژەوەندییەکانیانو کۆمارەکەیان بەدەسەڵاتی شورەوی لەقەڵەم دەدا، هەر لەسەرەتاوە کەوتنە پشتگیری رژێمی شاهەنشاهیو دژایەتی کۆماری کوردستان، ئەم دوو زلهێزە بەتایبەتی ئەمەریکا، رۆڵێکی ئێجگار گرنگیان یاری کرد لەپشتگیری هەوڵە سیاسیو دیپلۆماسیەکانی حکومەتی ئێرانی لەدەرکردنی سوپای سور لەئێران، هەروەها ئەمەریکا بەدرێژایی ساڵەکانی جەنگ لەپەیجوری بەهێزکردنەوەی ئێران بوو لەرووی ئابوریو سەربازییەوە، هێرشی ئەرتەشی شاهەنشاهی بۆ سەر کوردستانو ئازەربایجان بێ پاڵپشتی ئەمەریکا سەرکەوتنی مەحاڵ بوو.

فردوست سەبارەت بەم راستیە نوسیویە:" لەراستیدا چ مەسەلەی دەرکردنی سوپای سور لەئێرانو چ رووداوەکانی دوایی ئازەربایجانو کەوتنی حکومەتەکەی پیشەوەری زیاتر محەمەد رەزایان بەرەو ئەمەریکا پاڵ دەنا، رۆژێکیان دوو بەدوو پێی وتم: بەراستی ئەم ئەمەریکا زلهێزێکی عەجیبەو تەنیا بەپشت بەستن بەوان ئازەربایجان لەچنگی شورەوی رزگاری بوو، بێگومان هەر رۆڵی ئەمەریکا بوو لەمەسەلەکەدا کەوای لەمحەمەد رەزا کرد لەساڵی 1949دا کاتێك سەردانی ولاتە یەکگرتووەکانی کرد بەرەسمی سوپاسی دەسەڵاتدارانی ئەمەریکا بکات" ()،ئەوەندە بەسە بۆ دیاریکردنی رۆڵی سەلبی ئەمەریکا لەرووخاندنی کۆماری میللی کوردستاندا بڵێن، کاتێك لەشکری شاهەنشاهی گەڕایەوە ئازەربایجانو کوردستانو دەسەلاتی خۆی دامەزراندەوە زۆربەی وەزیرەکانو ئەندامانی مەجلیسو

() کوهستان، 5 اسفند 1325.

() ایغلتن، س.پ، ل119.

() کیانوری، س.پ، ل129.

() فردوست، س.پ، ل149.

گونـدی (زیـوەی) مەرگـەوەڕ دوای وێسـتگای هێزەبارزانییـەکان بـوو لەکوردسـتانی ئێـران، لەرۆژی 13ی نیسانی 1947 لەچومی (گادەر) پەڕینەوەو چونە خاکی کوردستانیعێراقەوە،لەوێبوونە دووتـاقم، ئەوانـەی توانـای مانـەوەی چیاو بـەرگرییان نـەبوو لەگـەڵ خێزانەکانیانـدا بەرابـەری شـێخ ئەحمـەد خۆیـان تەسـلیمی هێزەکـانی حکومـەتی عێـراق کـردەوە، تـاقمی دووەمـیش بەرابـەری مـەلا مسـتەفا پـاش ئـەوەی ماوەیـەك لەچیاکاندا مانـەوە بڕیـارێکی شـەختیان دا ئـەویش رووکردنـە خـاکی شورەوی بوو (). وەك حسانی نوسیویە:" گاڵتە نییە، جێی باوەڕکردنیش نییە، لەسەرمای زستانێکدا کەپلەی گەرما لەژێر سفردا بێت، بـەپێ پـەتیو برینـداری و سـکی برسـی، لەبەرامبـەر جـەلادەکانی شـا راوەستان، برینی چیا سەختەکانی تورکیاو عێراقو ئێران، خۆ گەیاندنە خاکی شورەوی بۆ پەنابـەری، بەراستی دەتوانرێت ئـەم پاشەکشـە دلاوەرانەیـە بـەنێو ئـەو چیا بـەرزو بڵندانـەدا بەپاشەکشـەی 1000 کیلۆمەترێکەی ماویستەکان بشوبهێنرێت))().

دوای دەربـازبوونی مەلامسـتەفاو هاورێکـانی بـۆ یـەکێتی شـورەویو شکسـتهێنانی لەشـکری شاهەنشـاهی لەبـەدیهێنانی ئامانجەکانیـداو ئـەو زیانـە زۆرەی وێـی کـەوتبوو، سـەر لەشـکر رەزم ئـارا ناچار بوو بەو رۆژنامەنووسە ئێرانیانە بڵێت کەگاڵتەیان بەلەشکر ئەکردو تەشـەریان لێدەدا(( ئەوانـەی لەپشـت مێـزدا دادەنیشـتنو دیشـلەمە هەڵدەلوشـن نـازانن بارزانییـەکان چ جانـەورێکن، هـەتا ئـەمرۆ لەتەمەنی ئەرتەشی ئێرانیدا ئێمە قەت تووشی جەنگاوەری بەو جۆرە دلێر نەبووین))()

بەمجۆرە بەروخاندنی کۆماری میللی کوردستانو زێرۆشتنی مەلا مستەفاو هاورێکانی بۆ یـەکێتی شورەوی، دەسەڵاتی ناوەندیو لەشکری شاهەنشاهی گەڕایەوە دوا سنوری کوردستانی ئێرانو لاپەرە لەسـەر پرشـنگترین لاپـەرەی مێـژووی جوڵانـەوەی نەتـەوەیی گـەلی کـورد لـەئێران لـەنیوەی یەکـەمی سەدەی بیستەم هەڵدرایەوە.

---

()بۆ رەوتی ڕێڕەوەکە بروانە نەخشەی ژمارە(2).

()احسانی، س.پ، ل.475

()بلوریان،س.پ،ل49.